# ئاکاری کۆمەڵگەی ژێردەستە

ئامادەکردن و وەرگێڕانی: سەعید کاکی
(بۆکان)

## پێشەکی

کۆمەڵگەی ژێر دەستە، کۆمەڵگەیەکە هەست و نەستی لەلایەن هێزی باڵادەستەوە داگیرکراوە. هۆکاری داگیرکرانەکە، یان سیاسییە، یان ئابوورییە، یان ئایینییە. ئەم فاکتەرانە زەقن و بەڵگەی مێژوویی بۆ پشتڕاست کردنەوەی هەیە. کۆلۆنیالیزم لە وڵاتانی جیهانی سێیەم لە ماوەی دوو سەد ساڵ ئاسەواری خۆی بەجێهشتووە. بەتاڵانبردنی سامانی نەتەوەکان، سازکردنی دەسەڵاتی سیاسی داگیرکەر و دیکتاتۆر. تێکدانی ژینگە و زەقکردنەوەی بیری توندڕۆیی بۆ مانەوەی خۆیان، مێژوویەکی دوورودرێژی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین هەیە و بەرچاویشە. لە فەلسەفەی ئاکاردا بە چڕوپڕی باسی کۆیلایەتی و ژێردەستی لێکدراوەتەوە. بیرمەندان بە شێوازی تایبەتی خۆیان لە بابەتی کۆیلایەتیان کۆڵیوەتەوە. ئەوەی لەم وتارەدا لێک دەدرێتەوە و پێوەندی بە کۆمەڵگەی کوردییەوە هەیە، ئەوەیە هۆکاری ئاکاری داگیراویی تاکی کورد لە چیدایە؟

## پاشخانی مێژوویی

هەر لە سەرەتای منداڵییەوە زمانی ئێمە بە وتە ئاکارییەکان گۆش کراون. بۆ نموونە فێرکراوین درۆ بکەین، بۆ ئەوەی برابچووکەکەمانی پی تاوانبار بکەین. کاتێک کردارێکی نادادوەرانە لە مامۆستاکەمان ڕوودەدا تووڕە دەبین، لەکاتی

دیتنی شانۆ، یان فیلمێک بەهۆی دەرکەوتنی قارەمانەکەی شاد دەبینەوە و لە کاتی زاڵبوون بەسەر مرۆڤێکی شەڕانگێز چەپڵە لێ دەدین و نامانەوێت مرۆڤە شەڕانگیزەکە سەربکەوێت. منداڵ، هەر لە تەمەنی سێ، یان چوار ساڵیدا «دەزانێت» چاکە و خراپە هەیە، ئەو دەزانێت کە لە پێناو هەڵسوکەوتەکانیدا بەرپرسیارە، بۆیە چاوەڕوانی ئەوە دەکات لە جێگەی کردارە باشەکانیدا پاداشت وەربگرێت و هەوڵ دەدات تا ئەو شوێنەی دەکرێت خۆی تووشی سزا نەکات.

ئێمە بە ڕەچاوکردنی ئەزموونەکانمان دەزانین کە خاوەن ئیختیارین، بۆیە خاوەن ئەزموونێکین بەشێوەیەک لە بەرانبەریدا بەرپرسیارین. هەموومان ئەم ئەزموونەمان هەیە کە تووشی گومان بووین ئایا ئەوەی بە ئەنجاممان گەیاندووە چاک بووە، یان خراپ. بە دەربڕینێکی دیکە هەندێک جار لە هەڵبژاردنەکانماندا دەکەوینە دوودڵی و گومانەوە. ئاژەڵ هیچ کات بەخۆی نەوتووە لەوانەیە بمتوانیایە کارێکی باشترم بکردایە، ئاژەڵەکان کارەکانیان بە سادە و ئاسانی دەکەن. ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمە لەسەر ئەم ڕاستییە بناغەی داڕشتووە، کە بەشێکی سەرنجڕاکێشی هەڵسوکەوتەکانی ئێمە بە ئازادی ئێمەوە گرێ دراون، بۆیە دادوەرانێک هەن تاوانبارەکان دەخەنە بەندیخانە و ئەو مرۆڤانەی سەرچاوەی خزمەتگوزاریی گەورە بوون خەڵات دەکرێن، مرۆڤە بەرپرسیارەکان پاداشتی خۆیان وەردەگرن و مرۆڤە پاکەکان دوعای بەخێریان بۆ دەکەن.

## ئازادی

ڕێگە بدەن هەر لە سەرەتادا خۆمان لە پرسی سەرەکی ئاکار دوور بخەینەوە، ئەوەی کە لە یەکەم هەنگاودا بە بینینی وشەی ئاکار دێتە یادمان کۆمەڵێک پرسیار لەسەر چاکە و خراپەیە و کۆمەڵێک لە ئەزموونەکانی ئێمە کە بەرەو چاکە و خراپە ڕامان دەکێشێت، کۆمەڵێک پرسیارن هەموو ڕۆژێک خۆمانی پێوە سەرقاڵ دەکەین، ئەمەش ئەو ڕاستییەیە حاشای لێ ناکرێت.

زنجیرە فیلمە تەلەڤزیۆنییەکان، ڕۆمانەکان و ڕۆژنامەکان، لە دەوروبەری هەندێک کردار و پرسیار دەسووڕێنەوە کە بەخێرایی دەبێت چاک و خراپ بوونیان لێک بدرێنەوە. ئێمە هەر لە سەرەتاوە ئازادی ئەزموون دەکەین. منداڵەکان هەڵسوکەوتی باش لە خۆیان پێشان دەدەن بۆ ئەوەی خەڵاتەکانی سەری ساڵی نوێ وەربگرن و لەلایەن دایک و باوکەکانیان سزا نەدرێن و شادیان بکەن، ئەوان دەزانن هاندان و سزادانیان پێوەندی بەوەوە هەیە، کە ڕەوسەکەی خۆیان بخۆن، یان ئەوەی کە یارییەکانیان پێشکەشی براکانیان بکەن، یان ئەوەی کە قژی هاوپۆلەکانیان ڕانەکێشن.

ئەو کاتەی تەمەنمان دەچێتە سەرەوە، زیاتر هەست بەم ئازادییانە دەکەین، لاوێکی تەمەن پازدە، یان شازدە ساڵە لە بەرانبەر کۆمەڵێکی گەورە لە پێداویستییە ئاکارییەکاندا ڕادەوەستێت، ئەو دەبێت بڕیارێکی گەورە بدات کە ئایا بیرە بخواتەوە، یان خوێندنەکەی تەواو بکات، خێزان پێک بێنێت، یان ئەوەی کە لەلای دایک و باوکی بمێنێتەوە، یان ئەوەی کە ببێتە مرۆڤێکی بەرەڵڵا. لەم سەروبەندەدا پرسی گرنگ بڕیاردان نییە، بەڵکوو گرنگ ئەوەیە بڕیارێکی ڕاست بدات و خۆی هەڵنەخەڵەتێنێت و ڕێگە نەدات هەست بە لەخۆباییبوون بکات. تۆ بوونی خۆت لە ناو مشتتدایە! ئازادی، ڕەسەنایەتی، گەشەکردن ئەمانە وشەگەلێکن ئێمە جاروبار لە ڕێگەی وتووێژ لەگەڵ هاوڕێکانمان دەیانبینین و باسیان دەکەین. دەشێت لەگەڵ بە بادانی دووکەڵی جگەرەیەک ... و ئەمانە

بڵێین ئازادی شێوەیەک لە ئەزموونە. چیرۆکی مرۆڤەکان پڕن لە کردەوەی ئازاد و سەربەستانە، کەمپی ئیشی زۆرەملێ ناسیونال سۆسیالیستەکان بە ملیۆن پۆرتۆگالی خستبووە کۆت و بەند، دەمارگرژی دژ بە ڕەش پێستە ئەفریقییەکان، سووکایەتیکردن بە ژیان و کوشتن و برینی خەڵک لەلایەن ستالینەوە، بەرزکردنەوەی بەئەنقەستی نرخی خواردەمەنی لە ئەمەریکای باشوور، هەبوونی گەندەڵی لەلایەن دەسەڵاتداران لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، بەتایبەتی (وڵاتانی جیهانی سێیەم) تیکڕای ئەمانە پێشانی دەدەن کە کەسانێک سەربەستانە و بە ویستێکی ئازادانەوە بڕیاریان داوە هەڵسوکەوتێک بکەن پێوەندییان بە ئازادی مرۆڤەوە هەیە، ئێمەش دەتوانین پێشی پێ بگرین و دەنگ هەڵێنین و بڵێین: «ڕیگە بەمە نادرێت! ڕێگەی پێ نادەین!» بە دیتنی بوومەلەرزەیەک، گەردەلوولێکی بەهێز، یان گڕکانێک کەس بە تاوانبار نازانین، هەوڵ دەدەین شارەزاییەکی زیاتر لەسەر ئەم گۆڕانە سروشتییانە بەدەست بینین، بۆ ئەوەی بتوانین پێشبینییان بکەین و دۆخێکی هێمن و ئۆقرەگرتوو بەدی بێنین.

ئێمە دەتوانین سستی و کەمکاری ئەو سیاسەتمەدارانە بە سوود وەرگرتن لەم شێوازە، پێش بەم شێوە کارانە بگرین، بەڵام بە ئەنقەست نەیکەین و کەسێک تاوانبار نەکەین. وەک خەشایارشای پارسی، ئەو کاتەی کە کەشتییەکەی لە زەریای «دەردەنیل» نوقم بوو فەرمانی کرد زەریاکە دارکاری بکەن! ئێمە مرۆڤەکان سزا دەدەین، یان پاداشتیان پێ دەدەین بە هۆی ئەوەی کە ئەوان ئازادانە هەڵسوکەوت دەکەن. ئێمە هەموو لە ئەزموونەکانماندا هەستمان بە تاوانباری کردووە، چەندان کارمان کردووە، دڵنیا بووین لە هەڵەبوونیان و کردووشمانە، لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانماندا درێغیمان کردووە، پارەی زۆرمان بە فیرۆ داوە، یان ئەوەی کە درۆیەکمان ساز کردووە بۆ ئەوەی پاساوێک بۆ درەنگ چوونە سەر کار بێنینەوە، یان بە پێچەوانەوە، بەتەواوی لە هەموو پێداویستییەکانمان کەڵک وەردەگرین بۆ ئەوەی کارێکی باش بکەین، یارمەتی هاوڕێکەمان بدەین بۆ ئەوەی کێشەکانی چارەسەر بکات، سەردانی نەخۆشێک بکەین، یان ئەوەی لەگەڵ مرۆڤێک بکەوینە دەردەدڵ بۆ ڕەوانەوەی تەنیاییەکەی.

## جیاوازی لە ئاکاردا

ڕوون و ئاشکرایە لە نێوان چێژ و ئەرکدا بۆشاییەک هەیە. ئێمە دەزانین دەبێت خۆمان بۆ تاقیکردنەوەیەک ئامادە بکەین، بەڵام پێش ئەم کارە حەز دەکەین سەیری تەلەفزیۆن بکەین، پاشان نان بخۆین، دواتر وەڵامی پرسیارەکانی بیرکاری بدەینەوە. ئاساییتر ئەوەیە، ڕۆژی هەینی جلوبەرگێکی ڕەحەت لەبەر بکەین، تا ئەوەی جلێکی ڕەسمی لەبەر بکەین.

لامان ئاسانتر ئەوەیە، لە کافتریایەکدا دانیشین و لەگەڵ هاوڕێیان وتووێژ بکەین لە باتی ئەوەی بچین بۆ فێرگە و وەڵامی پرسیارێکی بیرکاری بدەینەوە، دیارە ڕێگەی ئاسوودەیی و ڕێگەی ئاکار لێک جیاوازن، لانیکەم وا دەردەکەوێت ئەو دوانە ئاویان ناچێتە ناو جۆگەیەک، هۆکارەکەی بۆ ململانێ ئاکارییەکانی ژیانی ئێمە دەگەڕێتەوە، چ بمانەوێ، یان نەمانەوێ بەردەوام لە بڕیارەکانی خۆماندا تووشی ئەم دوو ئەگەرە دەبینەوە، واتە پرسی جیاوازی ئاکاری. قازانج و ئەرک بەردەوام دەستیان لەناو دەست یەکتردا نییە. زۆر جار ئەوەی دەبێت بیکەین بڕیار نییە باشترینیان بێت، بۆ دایکێک باشتر وایە، بچێت بۆ لای ئیشەکەی خۆی بۆ ئەوەی هۆشی بە منداڵە نەخۆشەکەیەوە بێت. بۆ پزیشکێک چاکتر وایە ڕیخۆڵە کوێرەی

پیاوێکی دەوڵەمەند چاک بکاتەوە، تا ئەوەی کە دڵی پیاوێکی دەست کورت و نەخۆش چاک بکاتەوە! بۆ کۆمەڵگەیەک چاکتر وایە سەرجەم دارونەداری خۆی بۆ بەرهەمهێنان وەگەڕ بخات، لە باتی ئەوەی پارە بۆ خانەی بە ساڵاچووەکان سەرف بکات.

## گەڕان لە بەختەوەری

ژیانی مرۆڤ گەڕانە بە دوای بەختەوەریدا. هەوڵێکی بەردەوامە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی کردەوەکانی، هەروەها ئیختیارکردنی کردارەکانی بە بەختەوەری بگات. ژیانی پڕ لە سۆز و پێکهێنانی بنەماڵە، ژیانی بیرکردنەوە و ئێش، هەموو لە بنەڕەتەوە گەڕانە بەدوای بەختەوەریدا. هیچ شتێک زیاتر لە گەڕان بە دوای بەختەوەریدا، بۆ ئێمە گرنگتر نییە، ئێمە وەک مرۆڤ و گەلێکی ئازاد هەوڵ دەدەین بەختەوەریمان ساغ بکەینەوە.

سارتەر دەڵێت: - هەرچەند لە وتەکانیدا زایەڵەیەکی ڕەشبینانە هەیە- «مرۆڤ مەحکوومە بە ئازادی»، ئەگەر وتەی ئەم فەیلەسووفە فەڕانسایییە ڕچاو بکەین دەتوانین بڵێین ئێمە مەحکوومین بەوەی کە بە دوای بەختەوەریدا بگەڕێین (کاتێک مرۆڤ دەیەوێ خۆی بکوژێت، بەو مەبەستە ئەو کارە دەکات تا کۆتایی بە ئازار و ڕەنجی خۆی بێنێت و بە کۆتاییهینان بە ژیانی تاڕادەیەک بگاتە لووتکەی بەختەوەری).

ئەو لایەنە لە کرداری ئێمە بە ئەرک دەزانرێت کە پێوەندییان بە ئازادی ئێمەوە هەیە و هەر ئەوەش هەڵسوکەوتی مرۆیی پێ دەوترێت، لە بەرانبەر هەندێک کرداری مرۆڤ هەن ئازاد و سەربەست نین، وەک خێزان پێکهینان نموونەیەکە بۆ هەڵسوکەوتی مرۆڤانە، ئەم بڕیارە هەڵسوکەوتێکی ئازادە و بۆ ئێمە ئەرکی بەدواوەیە، دەنگێک کە لە ناو دڵ و ڕیخۆڵەی هاوپۆلەکەی ئێمەدا لە پڕ دەبیستین شتێک نییە لە ئیختیاری ئێمەدا بێت و ناتوانین پێشی پێ بگرین، ئەو بۆ دروستکردنی وەها دەنگێک بڕیاری نەداوە. ئاکار سەرقاڵبوونە بە کردارێکی مرۆیی لەلایەن مرۆڤەکان، مرۆڤ بوونەوەرێکە سەربەستانە بە چارەنووسی خۆیەوە نووساوە.

## ئازادی وەک ڕاستییەک

هەندێک لە فەیلەسووفەکان لە بوونی ئازادی بە گومانن و لایەنگری لە شێوازە جۆربەجۆرەکانی چارەنووس دەکەن. ئێمە لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا باسی گرنگترین تیۆرییەکانی پێوەندیدار بە چارەنووس دەکەین. لێرەدا خاڵی سەرەتا دەبێت بەشێوەیەکی تر بێت: ڕاستەقینەی ئازادی. ئەگەر بە ئاکارەوە سەرقاڵین، ئەگەر ئازاری ویژدانمان هەیە- بەهۆی ئەوەیە، ئێمە دەمانتوانی کردارێکی باشتر بگرینە بەر. ئەگەر لەسەر ئەوەی کە دەبێت چی بکەین، یان نا تووشی سەرلێشێواوی دەبینەوە.

ئەمانە هەمووی ئەو بەڵگە و نیشانانەن باس لە ئازادی ئێمە دەکەن. هیچ ئاژەڵێک گومانی نییە لەوەی کە دەبێت بیکات و هیچ کات تووشی ئێش و ئازار نابێتەوە، بەهۆی دوودڵی لە بڕیارەکانیدا وەک ئەوەی کە ئایا ئیشێک بەڕێوە ببات، یان نا. ئێمە بە پێچەوانەی ئاژەڵەکانەوە دەزانین هۆکاری بە ئەنجامگەیاندنی کردەوەکانمانین. هەر بەم بۆنەیەوە بەرپرسیارێتی کردەوەکان و هەڵسوکەوتەکانمان لەسەر شانە و بەردەوامی خۆمان ئەزموون دەکەین، ئەگەرچی ئەم ڕاستییە ڕوون و ئاشکرایە کە هیچ ئازادییەک بە بێ کۆتوبەند نییە، ئەمەش خەسار لە ئازادی نادات، ئازادی ئێمە بێ سنوور نییە، پرسی تەندروستی، ژینگەپارێزی و پەروەردەی ئێمە

سـەرجەم ئەمانـە- ئازادیمـان سنووردار دەکـەن، بـەڵام لـە نـاوی نابـات. ژیانـی مـرۆڤ تاهەتایـی نییـە، بۆیـە ژیرانەیـە ئازادییەکەشـی سـنووردار بێـت. ڕاسـتییەکەی بـەم هۆیـەوە هەبوونـی ئـازادی بـە تەواوەتـی ڕوون و ئاشـکرایە و کاریگـەری لـە سـەر ژیانـی ئێمـە دانـاوە. ئەمڕۆکـە ئـازادی بەهایەکـە هەمـوو کـەس دەیـەوێ بیپارێزێـت.

## ئامانجی ئازادی

ئـازادی ڕاسـتەقینە و تەنیـا ئاگابـوون لـە بوونـی ئـازادی بـەس نییـە، بەڵکوو پێویسـتە بپرسـین ئایـا ئـازادی چییـە و بۆچـی ئازادیـن؟ ئەگـەر ئـازادی ئارمانجێکـی لـە پشـتەوە بێـت، ئەگـەر ئـازادی گـەڕان بـە دوای شـتێکدا بێـت مانادارتـرە، بـەڵام لـە کۆمەڵگـەی ئێمـەدا بـێ وچـان وەک شـتومەک بـاس لـە ئـازادی دەکرێـت، بـەڵام هیـچ کـەس نییـە ئێمـە هۆشـیار بکاتـەوە لـەوەی ئـازادی تـا ئـەو شـوێنە مانـادارە کـە ئامانجێکـی لـە پشـتەوە بێـت.

«ئازادی، بڕیاردانی مرۆڤە بە مەبەستی بەراوردکردنی شتێک، واتە وزە و توانایی مرۆڤە بۆ ئەوەی ئامانجێک بـۆ خـۆی دیـاری بـکات» ئـەوەی باسـمان کـرد پێناسـەی سـەرەکی ئازادییـە، بۆیـە ئـازادی یەکێکـە لـە تایبەتمەندییـە بنەڕەتییەکانـی ئـەو هەبوانـەی خـاوەن ڕوحـن. بـە سـەرنجدان لـەم خاڵـە بۆمـان دەردەکەوێـت کاتێـک مرۆڤـەکان لـە ڕێگـەی ئازادییـەوە- لـە مانـا ڕوحییەکەیـدا- بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجێـک کـە لـە ڕێگـەی بیرکردنـەوە و ئیـرادەوە هەڵبژێـرراون، ئـازادی ئـەوان وەک کردەوەیـەک لـە قەڵـەم دەدرێـت. بـاس لـە ئـازادی تـا ئـەو کاتەیـە سـەرنجی ئێمـە بـەرەو لای چییەتـی ئـازادی و بەڵگـەی بوونیـان ڕابکێشـێت، بێجگـە لـەوە لـە بنەڕەتـەوە هیـچ واتایەکـی دیکـەی نییـە.

ئاژەڵـەکان بـەرەو لای شـتێک هەنـگاو دەنێـن کـە بـە هەسـتی خۆیـان دەرکـی پـێ دەکـەن، بـۆ نموونـە: لەتـە گۆشـتێک، بۆنـی ئاژەڵێکـی مێینـە و ڕەنگـی گوڵێـک، غەریـزەی ئـەوان دیـاری دەکات کـە هەڵسـوکەوتی ئـەوان بـەرەو کـوێ هانـی بـدات، بـەڵام مرۆڤـەکان بـە شـێوەیەکی تـر هەڵسـوکەوت دەکـەن، مرۆڤـەکان خۆیـان لـە ڕێگـەی زانیاریـی ئەقڵییـەوە دەناسـن. بـۆ نموونـە، کاتێـک کـە خێـزان پێکدێنـن، هاوسـەری خۆیـان وەک ڕەگەزیکـی نێرینـە، یـان مێینـە سـەیر ناکـەن کـە لـەو ڕێگەیـەوە غەریـزەی خۆیـان دابیـن بکـەن، یـان ئـەوەی کـە ڕەگـەزی خۆیـان بپارێـزن، بەڵکـوو خـاوەن ئـەم تواناییـەن کـە ئـەوی تـر وەک شـەریکی ژیانـی خۆیـان لـە سـەرجەم کاتەکانـی ژیانیانـدا بناسـن و لـە ژیانـی هاوبەشـدا ڕێـز لـە بەهـاکان بگـرن.

ئـاژەڵ لـە شـتێکی وەک وەفـا، بەخشـەندەیی و ڕاسـتگۆیی مرۆیـی بـە تـەواوی بـێ خەبـەرە. گرنگتـر لەمانـە مـرۆڤ خـاوەن ئـەو توانسـتەیە لـە نێـوان ئـەو شـتانەی دەیانناسـێت، بـە ئـازادی هەڵبژێرێـت و جێبەجێـی بـکات. ئـەو دەتوانـێ خۆڕاگـر بێـت بـۆ ئـەوەی بیـر بکاتـەوە و جێبەجێکـردن، یـان جێبەجێنەکردنـی بڕیارێـک لێـک بداتـەوە، ئەو دەتوانێ لـەم بارەیـەوە بیـر بکاتـەوە، ئایـا ڕەچاوکردنـی بڕیارێکـی لـەم جـۆرە دەتوانـێ دەرەنجـام و شـوێن پەنجـەی هەڵسـوکەوتەکانی هەڵسـەنگێنێت و لـەو پێداویسـتییە جۆربەجۆرانـەی لـە بەردەسـتیدایە، یەکێکیـان گوڵبژێـر بـکات، لـە کاتـی جێبەجێکردنـی ئـازادی، ئەقـڵ و ویسـت ڕۆڵـی هاوبـەش دەگێـڕن.

گرنـگ ئـەوە نییـە ئـازادی سـەر بگرێـت، بەڵکـوو دەبێـت بایەخـی پـێ بدرێـت، مـرۆڤ لـە کاتـی سـەرگرتنی ئـازادی، دەبێتـە مرۆڤێکـی ڕاسـتەقینە. ئـازادی بەهایەکـە خـۆی دوا ئامانـج نییـە، بەڵکـوو کەرەسـتەیەکە بـۆ ئـەوەی مـرۆڤ مرۆڤایەتـی خـۆی بسـەلمێنێت. پـارە بـۆ ئەوەیـە، شـتێکی پـێ بکڕیـن، گرنگـی ئـازادی بـۆ ئەوەیـە، ئێمـە بەختـەوەر بـکات،

ئەو ئازادییەی کە بە ناڕاستی سەردەگرێت لەمپەرێکە لە بەردەم بەختەوەریدا و مرۆڤایەتیمان دابین ناکات، ئازادی ئەگەر ناڕاست و چەوت بێت، نامۆیی مرۆڤ لەگەڵ ئەقڵی خۆی دەبێت، بۆیە دەبێت سەبارەت بە قسەکردن لە ئازادی تاڕادەیەک ئاگادار بین، لەبەر ئەوەی زۆربەی کات لە بیری دەکەین واتای ئازادی لە ئامانجی ئەودا خۆی حەشار داوە، تەنانەت فەیلەسووفێک لەم بارەیەوە گوتوویەتی: (ئەی ئازادی چەندان تاوان بە ناوی تۆوە کراوە!)

### ٣- ئازادی لە چی و ئازادی بۆچی

ئازادی ڕەهەندێکی دوو لایەنەی هەیە: ئازادی لە شتێک و ئازادی بۆ شتێک. ئازادبوونی خۆمان لە شتێک، کاتێک گرنگ دەبێت دەرفەتی بڕیاردانی ئێمە تووشی قەیران بێت. بۆ ئەم مەبەستە نموونەیەک دەهێنینەوە، لە سیستمێکی دیمۆکراتیکی، کاتێک شۆڕشێکی سەربازی ڕوودەدات و ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازاد دەگرێت، لەم کاتەدا لە ئازادیی سیاسیدا بۆشاییەک سەرهەڵدەدا و مرۆڤەکان هەلی ئەوەیان بۆ دەرەخسێت بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی سیاسی هەوڵ و تەقەللای بۆ بدەن، بەڵام ئەمە وەک بەرزترین ئامانج سەیری ناکرێت، بەڵکوو ژیان لەسەر خوانی دیموکراسی گرنگییەکەی ئەوە نییە کە هەڵبژاردنی ئازادمان هەبێت، بەڵکوو کێشەی دیاریکراو ئەوەیە، بە چ شێوەیەک باشترین دەسەڵات هەڵبژێرین.

بەدەر لەم لایەنە مرۆڤ بەشێوەی سروشتی تاڕادەیەک خاوەن ئازادییە، لەبەر ئەوە دەتوانێ کردەوەکانی خۆی دیاری بکات و لەم شەڕ و زوڵمە و زۆری هاندانەکانی، خۆی ئازاد بکات، تەنانەت دیکتاتۆرێک ناتوانێ ئەم ئازادییە بنەڕەتییە لە من زەوت بکات. ئەو دەتوانێ بۆ دیاریکردنی شێوەی دەسەڵات لەمپەرێک بێت، بەڵام ناتوانێ ئازادیم لێ زەوت بکات. ئازادی بۆ ئەوە نییە مرۆڤێکی چاک، یان خراپ بم، یان لەگەڵ کۆمەڵگەدا یەک ڕەنگ بم، یان بەرپرسیارانە هەڵسوکەوت بکەم، بوێر بم، یان ترسنۆک، ئەو ناتوانێ ئەم ئازادییەی لە کاتێکدا دەمەوێ خۆم بگۆڕم، یان کاتێک بە خۆمەوە سەرقاڵم لە منی زەوت بکات.

لە کۆمەڵگەی ئێستای ئێمەدا پێداگری لە ئازادی دەکەن و وای بۆ دەچن ئازادی هەمان دەربازبوونە، واتە ئازادی وەک دەربازبوونە لە پێشداوەرییەکان، ڕابەرایەتییەکان، نەریتەکان و دەستوور و نەلێکردنەکانە، بەڵام ئازادی بۆ شتێک بە بەراورد لەگەڵ ئازادی لە شتێک ڕیشەدارترە، ئازاد بوون و دەربازبوون هەنگاوێکی سەرەتاییە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی گەورە و پلانێکی تەواو دەخاتە بەردەممان.

ئێمە لە یەکەم هەنگاودا دەبێت خۆمان ئازاد بکەین لە شتێک بۆ ئەوەی ئازاد بین بۆ شتێک، لەبەر ئەوەی دەمانەوێ پلانێک بۆ ژیانمان دابین بکەین، ڕێکخستنی شۆڕشێک بەبێ پلان داڕشتن بێ واتایە. ناوەرۆک و جەوهەری ئازادی پلاندارشتنە بۆ ژیانە. ئازادییەکی ڕەها لە هەر شتێک و هەر کەسێک، ئێمە بەرەو هیچ شوێنێک ناگەیەنێت. لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئەم پلانی ژیانە کە ئازادی لە خزمەتیدایە چییە؟ وەڵامەکەی ئاسانە، مرۆڤایەتییە و گەشەکردنی چرووپڕی سروشتی مرۆیی وەک هەبوویەکی زیندوو و خاوەن وزەی ژیرانەیە و گرنگترین پلانە و جێبەجێکردنی لە خزمەتی ئێمەدایە. مرۆڤ خاوەنی ئەم ئەگەرەیە کە لەلایەنی مرۆڤایەتییەوە گەشە بکات و هاودەنگ لەگەڵ سروشتی خۆیدا ژیان بەسەر ببات، بەڵام دەشێت لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە شکست بێنێت. کەسێک کە فەزیلەتی لەناو مرۆڤبوونی خۆی

لە خۆیدا هەڵسەنگاند، ئەوە مانای مەبەست ناگەیەنێ (هەروەها کە لە بەشەکانی پێشتردا ئاماژەمان پێ دا) و ئەوەی کە هەموومان دەبێت یەکسان بین، لەبەر ئەوەی پلانی جیاواز دەکرێت بۆ ژیانێکی باش ببێت. بە هەمان شێوە کە مرۆڤەکانی سەرگۆی زەوی جۆربەجۆرن، پرۆسەی بە مرۆڤ بوونیش پرۆسەیەکی یەکسان نییە، سەرەڕای ئەوەی مرۆڤەکان هەموویان سروشتێکی یەکسانیان هەیە، بەڵام خاوەن لایەنی فرەچەشن و جۆربەجۆرن. ئەو دایکەی کە لە سەرجەمی کاتەکانی ژیانیدا کابانی ماڵەوە بووە، دەتوانێ وەک مامۆستایەک، یان باخەوانێک توانایییە ئەقڵانییەکانی خۆی پەرە پێ بدات و ژیانی مرۆڤانەی خۆی پراکتیزە بکات. پرۆسەی بە مرۆڤبوون دەتوانێ شێوازی هەمەلایەن لەخۆ بگرێت لەبەر ئەوەی شێوازی بێ سنوور بۆ گەیشتن بە مرۆڤ بوون هەیە.

## ئاکاری ژێردەستەیی

بەداخەوە مرۆڤی ژێردەستە و کۆمەڵگەی ژێردەستە لە مانای ئازادی تێ ناگەن، بە هۆی سەرکوت و داخراوی و نەبوونی پەروەردەوە لە بنەماکانی ئازادی دوور دەکەونەوە.

لە مێژووی فەلسەفەدا ئەرستۆ لە کتێبی (سیاسەت) کۆیلەی وەک کەسێک لە قەڵەم داوە و لە زاتی خۆیدا کۆیلەیە و سروشتی بە کۆیلایەتی خوڵقاوە، دواتر لە مۆدێکی ئایینیدا مرۆڤ لە دەرەوە و ناوەوە داگیرکراوە، بۆیە ئایین لە لای دەروونناسانەوە مرۆڤی داگیرکردووە، ئەمە بۆچوونێکە لە دنیای ئەمڕۆدا نکوڵی لێ کراوە، بەڵام سەیر ئەوەیە کۆیلایەتی و ژێردەستەیی لە سیاسەت و ئابووری و کولتوور بەردەوامە. نموونەی زیندووی ئەمانە کۆلۆنیالیزمێکە لە سەدەی نۆزدە و بیست لەلایەن زلهێزەکانەوە بە سەر وڵاتە داگیرکراوەکاندا سەپێنرا، بەڵام بابەتەکەی ئێمە پێوەندی بە ئاکارەوە هەیە و مێژوو وەک نموونەیەک بۆ شیکردنەوەی لایەنی ئاکاری بابەتەکە بەکاری دێنین. لە مێژووی فەلسەفەدا فەیلەسووفەکان بە گشتی لایان وابووە مرۆڤ خۆی خاوەن عەقڵە و دەتوانێ سەربەخۆ بە بێ پشتبەستن بە هێزی دەرەکی، توانایی و عەقڵی خۆی بەکار بێنێت. دیکارت کەسێکە ئەم متمانە بە عەقڵەی بۆ مرۆڤ گەڕاندەوە، بەڵام لە فەلسەفەی ئەڵمانی و بەتایبەتی کانت، هێگل، نیتشە و مارکس کەسانێکن زۆر بەباشی باسی کۆیلایەتی و ژێردەستەییان شی کردووەتەوە، هەروەها لە نەریتی لیبراڵیدا، ستیوارت مێل، دژی ژێردەستی بوو و لەو بارەوە نامیلکەیەکی باشی هەیە.

کانت لای وابوو مرۆڤ خۆی دەبێ یاسادانەر بێت و پەیڕەویشی بێت، مرۆڤ خاوەنی کەسایەتی بێت. (هگڵ)یش بابەتی ژێردەستەیی لە لایەنی مێژووییەوە لێکدایەوە و لای وابوو مرۆڤی نامۆ کەسێکە خاوەنی ویژدانێکی ناهۆشیارە. وەک پرۆسەیەکی مێژوویی سەیری کردووە و دواتر لە ڕێگەی عەقڵ و هۆشیاری خۆی لە مێژوودا خۆی بە لووتکەی عەقڵ دەگەیەنێ. فەیلەسووفەکان لایان وایە ئەگەر مرۆڤ عەقڵی خۆی بەکار بێنێ پێویست بەوە ناکات ببێ بە کۆیلە، بەڵام مارکس کێشەی کۆیلایەتی و ژێردەستەیی لە ئابووریدا دەبینییەوە. نەبوونی دادپەروەری وا لە خاوەن کار دەکات، مافی کرێکار بخوات، بەڵام نیتشە لە ڕێگەی فەلسەفەی ئاکارەوە کێشەی ژێردەستەیی لێک داوەتەوە. بە لێکۆڵینەوە لە ئاکار، بەتایبەتی ئاکاری سوکراتی- مەسیحی ڕەچەڵەکناسی ئاکاری لێک داوەتەوە. نیتشە لای وابوو ئاکاری مەسیحی

جگە لە خوڵقاندنی کۆمەڵگەی مێگەل کارێکی وەهای نەکردووە.

مرۆڤەکان وەک یەک بیر دەکەنەوە و هەڵسوکەوتیان وەک یەک وایە. ئایین مرۆڤی ژێردەستە دەخوڵقێنێت و توانایی بیرکردنەوەی لێ زەوت دەکات. کۆمەڵگەی ئایینی بۆ هەمیشە عەقڵ دادەخات. مرۆڤە کۆیلەکانی کۆمەڵگە، یان مرۆڤە زەبوونەکان لە ڕێگەی ئایینەوە تۆڵە لە مرۆڤە بەرزەکان دەکەنەوە. بەشی زۆری هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە ژێرکاریگەری هەستەکانیەتی. شێوەی ژیانی مرۆڤ و بەرەو ڕووبوونەوەی لەگەڵ کێشەکانی ڕۆژانەی و شێوازی پەروەردەکەی دەوری هەیە.

مرۆڤ زۆر جار پاڵنەرەکانی وەکوو سۆز، خۆشەویستی، بەزەییهاتن، لۆمە، تانە، ڕق و قین، خۆپەرستی، بەردەوام لە ژیانیدا کاردانەوەیان هەیە. مرۆڤ بە پێی دۆخی ژیانی لەو پاڵنەرانە کەڵک وەردەگرێت. بە درێژایی مێژووی فەلسەفەی ئاکار، بیرمەندانی وەک ئەرستۆ، سپینۆزا، کانت، شۆپنهاوەر کێشەکانی ئاکار ناوەندی بیرکردنەوەکانیانی پێکهێنابوو. تانوپۆی کۆمەڵگە بە ئاکارەوە گیرساوەتەوە، ئاکاریشە گارانتیکەری ئازادی و دادپەروەرییە.

## ئاکاری ژێردەستەیی لەناو کۆمەڵگەی کورددا

لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی ژێردەستەیە، واتە کۆمەڵگەیەکە مرۆڤەکانی هەست بە خۆبەکەم زانی دەکەن و بەردەوام ئەم هەستەیان تێدا دەبووژێتەوە و زۆرجاریش ڕازین بەوەی کە کۆیلەن بۆ خۆیان بەردەوامی بەم گوتارە دەدەن، واتە ژێردەستەیی ئاکاری کۆمەڵگەیەکە، خۆیان مێژووی خۆیان ساز نەکردووە و ژیانی خۆیان سپاردووەتە دەست چارەنووسێکی نادیار. زۆرجاریش پەنا دەبەنە بەر خودا بۆ ئەوەی بەرپرسیاری لەخۆیان داماڵن.

کۆیلە تاکی تەریکە و کەسایەتی نییە، واتە عەقڵی بەپێی بەرژەوەندی کاتی، بەبێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی جەماوەری، بەرەوپێش دەبات. وەک مشەخۆرێک و بەدوور لە پرەنسیپەکانی ئاکار دەجوولێتەوە. کۆمەڵگەی لێکترازاو کە لە بەرپرسیاریی ئاکاری و یاسایی خۆی دوور کەوتووەتەوە و زۆر جاریش لە ناو دامودەزگاکان هەلپەرستانە و کاربەڕێکەرانە هەڵسوکەوت دەکات. هۆکاری مێژوویی، سیاسی، ئابووری دەوریان هەیە، واتە نەتەوەیەکە بەردەوام لە ژێرکاریگەی زەبروزەنگی مێژووییدایە و خاوەنی ناسنامەیەکی تایبەت بە خۆی نەبێت و مێشکی داگیرکراوە و ناتوانێ کەسایەتییەکی سەربەخۆی هەبێت.

پێکهاتەی نەریتی کۆمەڵگە و نەبوونی پەروەردە بە زمانی کوردی و بیرکردنەوە بە زمانی دایکی تاکی کوردی لەخۆ نامۆ کردووە، تەنانەت کۆمەڵگە و مێژووی خۆی ناناسێت. کورد بە هۆی ئەوەی کە خاوەنی دەوڵەتی خۆی نەبووە، وەک گەلانی دیکە نەیتوانیوە کۆمەڵگەی خۆی بەرەو پێش ببات. دابەشبوونی خاک و ئاوی، دابەشبوونی کولتووریشی لێ کەوتووەتەوە. ژێردەستەیی و نامۆبوون لە کولتووری خۆماڵی وای لێ کردووە بەرەو بێگانەپەرستی هەنگاو بنێت.

نەتەوەیەک سەربەخۆ نەبێت [لە هەموو لایەنێکەوە] بە درێژایی مێژوو ژێر دەستەی لێ دەردێت. بەردەوام داگیرکەرانی خۆی بە بەرز و مەزن دەزانێت و خۆی بە کەم دەزانێت، خۆ بچووککردنەوە وای لێ دەکات لە ناوەڕۆکەوە دابخرێت. لە باشووری کوردستان زوڵم و زۆر و ئەنفالی کورد لەلایەن بەعسەوە وای لە تاکی کورد کردبوو، هەستی مرۆڤانەی تەواو بریندار بێت، هەستی برینداری کورد کاتێ بیر دەکاتەوە و لەلایەنی دەروونییەوە تێکشکابوو. لە ڕۆژهەڵات کێشەکە لە

جۆری سڕینەوەی ناسنامەی بووە. شوناسی لێ زەوت کراوە، لەلایەنی ئابوورییەوە هەژارە. تاکەکەی نامۆیە لەگەڵ زمانی خۆی و گوتاری باڵادەستی لا بەڕێزە و بە ڕێزگرتن لەو گوتارە خۆی پێ بچووک دەکاتەوە، لە دەرەنجامی ئەم خۆ بە کەمزانینییەیە لەلایەنی دەروونییەوە خۆخۆری لێ دەکەوێتەوە، هەر چەندەش سەرکوت کرابێت بەهەمان ئەندازەش تووشی خۆخۆری دەبێتەوە، کەواتە نەتەوەیەک کە بەردەوام سەرکوت بکرێت و شوناسی لێ زەوت بکرێت، بوونی لە خۆیدا دەمێنێتەوە و کولتوورەکەی گەشە ناکات و لە ژیانێکی ئاساییدا قەتیس دەبێت. کولتووری خۆخۆری بەشێک لە ڕەوشتی کوردی پێکهێناوە، ئەمەش مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە.

دابڕانی کورد لە کولتووری خۆی و بیر نەکردنەوەی بە زمانی خۆی، یەکێک لەهۆکارە سەرەکییەکانە. کولتووری خۆخۆری بنچینەی لە شێوازی ژیانی تاکی کوردەوە هەیە. خیانەت بە خۆ و خۆ بەکەمزانی لە بنەماڵەوە هەوێن دەبەستێت. نایەکسانییەکە لە جیاوازیی ڕەگەزی کچ و کوڕەوە دەست پێ دەکات. بەها نەدان بە ژنان و نەخوێندەواری و نەبوونی پەروەردە، لێدانی تاک و گەشە نەکردنی کەسایەتی وای لە تاکی کورد کردووە خاین بێت بەخۆی. خۆ بە کەمزانی و هەستی برینداری تاکی کورد، ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی پەنا بباتە بەر داگیرکەری خۆی. تۆڵە لە کۆمەڵگەی خۆی دەکاتەوە.

بەشێک لە هەستی بریندار و نەخۆشی تاکی کورد کە بە دوور لە پەروەردە و گوتاری نەتەوەیی خۆیەتی، پەنا بۆ گوتاری باڵادەستی خۆی دەبات. ئاڵۆزی کۆمەڵگە و نایەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و تاک و تەریکبوونی ڕێگر بووە لەوەی کە کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو پێک بێت. تا ئەو کاتەی شوناسێکی یەکگرتووی نەتەوەیی لە ڕێگەی پەروەردە بە زمانی دایکی لە سێبەری دەسەڵاتێکی نەتەوەیی بە پلانەوە نەیەتە ئاراوە دۆخەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە.

**پەراوێز:**

١- ڕووەکێکە دەیکەنە ناو چێشت.

٢- بەتایبەت ئەو کەسانەی بەهۆی بەرژەوەندییەکەوە هەیانە و سەر بە لایەنێکی ئایینی، سیاسی... بۆ گەیشتن بە ئاواتە پووچەکانیان لەبەر دەم «دۆخی هەبوو»دا قرووقەپ دەکەن! و. ک

٣- کانت وتەنی: «کاتێک لە خەودا بووم هەموو شتێک ئاسایی بوو، بەڵام هەرکە لە خەو هەستام هەموو شتێک بوو بە ئەرک.»

٤- هەر بۆیە سنوورێک کە لە نێوان ئازادی و بەرەڵاییدا هەیە، ئێمە ئازاد نین هەر کارێک بکەین و سنووری ئازادی کەسانێکی تر ببەزێنین، ئەمەش بۆ دەسکەوتەکانی کولتوور دەگەڕێتەوە کە چۆن مرۆڤەکانی پەروەردە کردووە. بۆ نموونە ئێمە بەهۆی ئەوەی کە بە باشی پەروەردە نەکراوین، هەر هەلێکمان بۆ بڕەخسێت مافی کەسانی تر زەوت دەکەین، هەر بۆیە دەبێ فێرببین لە چ کاتێکدا پێویستە خۆمان لە قەرەی بابەتێک، یان گرفتێک بدەین. (و.ک)

**ژێدەر:**

١- مێژووی فەلسەفەی هاوچەرخ، وەرگێڕ، سەعید کاکی، چاپی ئاوێر، هەولێر، ٢٠١٣

٢- سەرەتاکانی فەلسەفەی ئاکار، وەرگێڕ، سەعید کاکی، دەزگای ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٣

٣- بنەماکانی فەلسەفەی ئاکار، وەرگێڕان و کۆکردنەوە، سەعید کاکی، چاپی ئاوێر، ٢٠١٥.

٤- مێژووی فەلسەفەی راتلێج، بەرگی ٦، ئایدیالیزمی ئەڵمانی، دەزگای جەمال عیرفان وەرگێڕانی. سەعید کاکی.

٥- مێژووی فەلسەفەی ڕاتلێج، بەرگی٥، فەلسەفەی ئینگلیزی و سەردەمی ڕۆشنگەری، ستیوارت براون، وەرگێڕانی سەعید کاکی، دەزگای جەمال عیرفان.

٦- گەڕان لە مانا؛ نووسەر تامس نیگڵ، وەرگێڕ؛ سەعید کاکی.

٧- ئەفلاتوون، محەمەد کەمال، ٢٠٠١، دەزگای سەردەم.